# لۆژیك نییه پەرلەمانو حكومەتی كوردستان نوێنەری گەنجی تێدا نەبێ!

جەمال پیرە

لەبەر ئەوەی قۆناغی گەنجێتی مرۆڤ سەرەكیترین قۆناغی ژیانە, لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هێزی ماددی و مەعنەوی كۆمەڵ, قۆناغی گەنجێتی, هێزی بنەڕەتی ئێستایی و بناغەی هێزی ئایندەشە, دەبێ هەوڵبدرێت راستیەكانی بوونی ئەم توێژە وەك هەیە بەدەر بخرێت, هەڵبەتە ئەگەر لەنێو هە كۆمەڵێكدا ویستی گرینگیدان بە توێژی هەرە زیندووی كۆمەڵ ویستێكی ئاكتیڤانە بوو دەكرێ چاوەروانی داهاتوویەكی مژدەبەخش بكەین كە ئیدی فەزایەكی تری ئاراستەی كار كردنی ئێمە لە قالبێكی پۆزەتیڤانە سەرچاوە دەگرێ, ئیدی لەوێوە دەتوانین وەكوو تەوژمێكی فیكری سەردەم ئاراستەی راستەقینەی دڵنیاكەرەوە بە هەنگاوەكانمان بدەین كە ئەگەر بەم دیاگرامەی ئێمە بكەوێتەوە دەتوانم بلێم خۆمان لە نێو كۆمەڵێكی ئاسودەدا بینیوەتەوە, حەتمەن ئەم ئاماژەیەی سەرەوە ئەگەر ئاماژەیەكی خەیاڵ ئامێزانەش بێت, دەبێ ئامانج و ویستی سەرەكی هەرهەموومان بێت, ناكرێت كۆمەڵگایەك لە نێو خۆیدا خاوەنی چەندەها گرفتی كۆمەلایەتی بێت و قسەش لەسەر گەشەی ئابوری و سیاسی خۆی بكات, ئەگەر وا رێكەوت بە دڵنیاییەوە ئەو كۆمەڵگایە ئەوە نابێت كە بانگەشە بۆ خۆی دەكات, دیارە من لێرەدا دەمەوێت باسێكی گرنگی پرسی گەنجان لە كۆمەڵگای كوردیدا بێنمەبەر باس, ئەوەندەی من شارەزاییم لە مێژووی گەلان هەبێ باوەڕ ناكەم لەنێو هیچ كام لە نێو كۆمەڵگاكاندا گەنجانی وەك گەنجی كورد پڕ موعانات و بەدبەخت بیچارە بێت, هەرچەندە لێرەدا نامەوی ئەو خاڵە نیگەتیڤانە بە بیر بێنمەوە كە گەنجی كورد دووچاری بووە و پێشتر قسەی لەسەر كراوە, بەلام دەمەوی ئەو ئازارەی لێرەدا دەیخەمە روو بیكەم بە تەواوكەری ئیش و ئازارەكانیتری گەنجی كورد, ئەو چینە بەدبەختەی دنیا كە بە درێژایی مێژوو بووە بە قوربانی ئیرادەی عەقیدەیی و دەسەلاتە جیاجیاكانی لۆكاڵی و زەبری دوژمنان و كارەساتە دەستكردەكان, كچان و كوڕانی ئەم مەملەكەتە بە ویستی قەدەر بێت یا هەروا دەبێ بەشێك لە مافی كەسی خۆی بەفیڕۆ بدات, هەمیشە هێزی بڕیار لە كۆمەڵگای ئێمەدا دۆست و هاورێی راستەقینەی گەنجان نەبوون, پێگەی دەسەلات بەردەوام نەبووە بە زادگا بۆ لاوی ئێمە, ئەو هێزەی بڕیار بەڵێنی راستەقینەی ژیانێكی جوانترو مانادارتری نەداوە بە گەنج, بەردەوام لەم مەملەكەتەدا رێكخراوەكانی درێژكراوەی حیزبە سیاسیەكان بوو ن, لە راستیدا قەت شوێنێك بۆ لاوی ئێمە نەبووە عەقلیەتێكی میتۆدی تێدا سەرهەڵبدات, ئەگەنجەش كە بەهرەدارو بەرچاو ئەبێ موعجیزەیەك و هەوڵی جیددی خودی خۆی لە پاڵ بێت ئەگینا كۆمەڵگای ئێمە هەرگیز فێرگەیەك نییە, ئۆتوماتیكانە مرۆڤ بەشێوەیەكی راستەقینە پەروەردە بكات . یەكی لەو بابەتە هەرە پڕ بایەخ و گرنگانەی ئەمرۆی واقیعی گەنجی كورد لەم پارچەیەی كوردستاندا مەسەلەی بەرێوە چوونی ژیانە بە شێوەیەكی گشتی كە هەمووكات شایانی گفتوگۆو باسكردنە, لاوانی ئێمە ئەوەندەی خۆی لە پەراوێزو بەتیاهەڵدراوی بینیوە نیو ئەوەندە خۆی لە نێو ئاوێنەیەكی دڵنیایی و ئاسودەییدا نەبینیوەو بۆیە حەقی خۆمانە بپرسین و پرسیار بكەین كە ئاخۆ تاكەی بێدەنگی لەسەر لێوی گەنجی خێر لەخۆ نەدیوی كورددا بەدی بكەین ؟ بۆچی بە گشتی گەنجی ئێمە ملكەچەو یاخی نییە؟ یاخی بەو مانایەی كە ئاراستەی فكری دەیەوێو بە روحی داهێنانەوە بارگاویكراو بێ, چی دەبێ ئەگەر گەنجانی دابەش بووی كوردستان لە هەڵویستە چارەنوس سازەكانی خۆیاندا یەكدەنگ بن و بە یەك گوتار بێنە مەیدان؟ لە راستیدا ئەوەی من مەبەستم لابردنی پەردەی دلەڕاوكێی گەنجی كوردە لە بەرامبەر دەسەلاتدا, ئەزمونی شۆرشی خوێندكارانی فەرانسای ساڵی 1968 نموونەیەكی شایستەیە بۆ هەموو جوولانەوەیەكی فكری گەنجان, ئەگەر نیازی وەرچەرخانێكی گەورەو بەرچاو هەبێ لەنێو كۆمەڵی كوردەواریدا, ئەگەر چی كەشو هەوای فیكری كۆمەڵگای كوردی لە ئاستی پێویستدا ئامادە نیە بەلاّم بۆ هەر گفتوگۆ و دەمەقالەیەك لەسەر كێشەی گەنجان بە بڕوای من دەبێ پشت ببەستێ بە میتۆدو مەنهەجیەتی خۆرئاوایی بێ گوێدانە سروتو نەریتە بۆماوەییەكانی خۆمان, ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیكەم بە كرۆكی بابەتەكەم مەسەلەی مەرجی بەشداری كردنی گەنجان بوو لە هەڵبژاردنەكانی كوردستاندا, دیارە

مەبەستی من نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەكەیە لە بنەماو پرنسیپەسەرەتاییەكانی دیموكراسی, ئەگەرچی هەڵبژاردن ئەنجام درا بەلآم حەتمەن دەكرا هاوارو داخوازی گەنجان كارتی فشار بێ بەسەر لایەنەكانی پێشبڕكێكەر, ئەوانەی چاویان لە بردنەوەی زۆرترین كورسییەكانی پارلەمان یوو, لە دونیای نوێدا لە ئان‌و ساتی‌هەڵبژاردنەكاندا ئەو پارت‌و لایەنەی زۆرترین بایەخ بە توێژی گەنجان نەدات‌و وەك كاریگەرترین توێژی حیساب نەكات ئەوا عاقیبەت كەمترین پاڵپشتی گەنجان بەدەست دێنێ كە بێگومان زەرەرمەندترین ئەنجام دەبێ‌و بەدەست دێت بۆ ئەو لایەنەی كە وەكوو خۆی قسە لەسەر زیندووترین توێژی ناو كۆمەڵ نەكات, ئەوەی راستی بێت من بەو هیوایەم كە ئەو ریككەوتنەی هەردوو پارتی سەرەكی كوردستان لە هەڵبژاردنەكانی ئەمساڵ‌و ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە كە بێگومان لەبەرژەوەندی ئەواندایە نەبێتە هۆی قۆستنەوەی دووبارەی فەرامۆش كردنی گەنجان, لێرەوە من داوا لە سەرجەم رێكخراو وئاكتیڤیستەكانی پێوەندار بە گەنج دەكەم, لە پێناو بەدەست هێنانی زۆرترین پاڵپشتی ئەم چین لەدوای هەڵبژاردنەكانداو بێ جیاوازی بیر كردنەوە ئینتیما و عەقیدە و ئایینی لیستێك لە داواكاری بە یەكگرتوویی بخەنە بەردەم سەرجەم حیزبەكانی كوردستان و وەك فشارێك بەكار بێت تاكوو دڵنیایانەتر لە داهاتووی خۆماندا بروانین, ئەگەر بۆ ئێستایش نەبێ  بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ،كە بێگومان لە داهاتوو دا چاوەڕێی ئەوە دەكرێت پرۆسەی هەڵبژاردن ببێتە كولتورێكی هەمیشەیی، لە راستیدا نەبوونی نوێنەری گەنجان لە پارلمان‌و حكوومەتی ئایندەی كوردستاندا جگە لەوەی كە مەترسیەكە بۆ ئایندەی ئەم چینە, نالۆژیكی‌و دیاردەیەكی ناشارستیانیشە, ئەمەو چەندین ئەگەری‌تر هەن كە رەنگە زۆریان نیگەتیڤانە بكەونەوە, ئەگەر بێت‌و وەكوو خۆی‌و واقعیانە مامەڵە لەگەڵ گەنجانی كوردستاندا نەكرێ, ئەمە چ غەدرێكی راشكاوانەیە! منی گەنج كە كەسێكی هاوتەمەنی خۆم لەسەنتەری بڕیاردا نەبینم , رەنگە زۆرینەی سیاسییەكانی ئێمە ئەوانەی لە رابردوودا بەشێك بوون لە دەسەلات لافی خۆ بەگەنج زانین لێ یدەن‌و بە حیسابی خۆیان لە ناوەوەڕا گەنجن‌و گەنجانە بیر دەكەنەوە, من لێرەوە ئەوە رادەگەیێنم كە بە پێچەوانەوە ئەو پیرانەی دەسەلات نەك هەر گەنجانە بیر ناكەنەوە بەڵكو ئەو كەسانەش كە بە حیساب لە تەمەنێكی گەنجانەدا چانسی بەشداری دەسەلاتیان بەركەوتووە, لە ژێر كاریگەری ئەواندا پیرانە بیر دەكەنەوە, ئێمە كەسانێكمان دوێت نوێنەرایەتیمان بكات, تەمەن‌و هەست‌و سۆز و بیر كردنەوەكانی بەیەكەوە گەنجانە بن, بەدەر لەمە هەر بیانوویەكی هەبێ چەواشە كردنی دووبارەی گەنجانەو دەبێ دیسان چاوەڕوانی رستە تابۆ كراوەكانی تری كۆمەڵگای كلاسیك بكەین لەو سەردەمەی پێشكەوتنەكاندا.

jamalpira@yahoo.com